دکتور سا لح ئیبرا هیمی



## سوورەی عەبەسە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤٢ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

خۆی گرژ و تاڵ و ترش کرد و ڕووی وەرسووڕاند ﴿١﴾ کە بێچاوەکە هاتە لای ﴿٢﴾ تۆ چووزانی، بەڵکوو ویستی پاک بێتەوە ﴿٣﴾ یا پەند بگرێ و ئەو پەندە کەڵکی بۆی هەبێ ﴿٤﴾ بەڵام ئەو کەسەی کە بێ نیازە ﴿٥﴾ جا تۆ ڕوو لەوە دەکەی خۆی پێوە ماندوو دەکەی ﴿٦﴾ لە حاڵێکدا ئەگەر ئەو خۆی پاک نەکاتەوە، شتێ بە ئەستوی تۆ نییە ﴿٧﴾ بەڵام ئەوەی بە هەڵەداوان بۆ لای تۆ دێ ﴿٨﴾ لە خوایش دەترسێ ﴿٩﴾ جا تۆ لەو غافڵ دەبی (لەگەڵ یەکێ ترا گەرمی دەگری) ﴿١٠﴾ قەت وامەکە چون ئەم نیشانانە (کە لە قورئاندان) بیرەوەری و پەندن ﴿١١﴾ هەرکەس کە بیەوێ ئامۆژگاری و پەندی لێ وەردەگرێ ﴿١٢﴾ لە پەڕە و پەراوگەلێ بەرێزدا (نووسراوە) ﴿١٣﴾ پەڕەگەلێ بەرز و پاک ﴿١٤﴾ بە دەس ڕاسپاردەگەلێکەوەیە ﴿١٥﴾ پلەبەرز و فەرمانبەر و کارچاک ﴿١٦﴾ دەک ئەو مرۆیە بە کوشت چێ کە هیچی لە چاودا نییە چیها سپڵە و ناسپاسە؟ (قتل الانسان بە فەرمودەی زەمخشەری خراپترین نفرینە ئەونەی مەرگ بووبێ) ﴿١٧﴾ (خوا) ئەوەی لە چ شتێک بەدیهێنا ﴿١٨﴾ ئەوی لە دڵۆپێک و لە نوتفەیەک خوڵقاندووە، جا بە ئەندازە ئەوی بەدیهێناوە ﴿١٩﴾ لە پاشان ڕێگای بۆ خۆش و ئاسان کرد ﴿٢٠﴾ لە پاشان مراندی و لە گۆڕی خست ﴿٢١﴾ لە پاشان هەرکاتێ کە بیەوێ زیندووی دەکاتەوە ﴿٢٢﴾ بەڵام نەخێر، هێمان ئەوەی فەرمانی پێدابوو بە جێی نەهێناوە ﴿٢٣﴾ جا مرۆڤ با بنوارێتە خۆراکی خۆی ﴿٢٤﴾ ئێمە ئەم بارانەمان باراند بە ڕێژەو ﴿٢٥﴾ لە پاشان زەویمان لەت لەت کرد چ لەت کردنێ ﴿٢٦﴾ جا دانەوێڵەمان لەودا شینکرد ﴿٢٧﴾ ترێ و سەوزی خواردەمەنی ﴿٢٨﴾ بنە دارە زەیتوون و دارە خورما ﴿٢٩﴾ باغانی ڕازاوەی پڕدار ﴿٣٠﴾ میوە و گژوگیا ﴿٣١﴾ تا بۆ ئێوە ئاژەڵەکانتان ببێتە خۆراک ﴿٣٢﴾ جا کاتێ بانگی گرمەی گورزی قیامەت هات ﴿٣٣﴾ ڕۆژێ کە مرۆڤ لەبەر برای خۆی ڕادەکا ﴿٣٤﴾ لەبەر دایک و باوکیش (ڕادەکا) ﴿٣٥﴾ لەبەر ژن و منداڵیشی ﴿٣٦﴾ بۆ هەرکەس لەوانە لەو ڕۆژەدا کارێ هەیە کە پێوەی خەریکە نای پەرژێتە سەر کەسێتر ﴿٣٧﴾ دەموچاوگەلێ هەن کە سوور و سپی دیاری دەدەن ﴿٣٨﴾ دەم بە پێکەنین و شادن ﴿٣٩﴾ دیمگەلێکیش هەن کە لەو ڕۆژەدا خەفەتبار و تۆزی مەینەتی لێبارە ﴿٤٠﴾ قورم و ڕەشایی دووکەڵ ئەوانی گرتووە ﴿٤١﴾ ئەمانەن خوانەناسان و کافرانی خراپکار ﴿٤٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi